دەنگی ئێمە

# نووسین و هاوڕێیەتی

ئاوات عەبدوڵڵا

لە پرۆسەی نووسیندا هەوڵێك هەیە بۆئەوەی ژیان بکەین بە شتێکی زیاتر لە ژیانی تایبەتی. (جیدۆ لۆز)



بۆماوەی زیاتر لەچەند مانگێك لەچەند ژمارەیەکی جوان و گەورە و پڕ بەهادا، لەم گۆشە تایبەتەی گۆڤاری لڤینی خۆشەویست، ئەم گۆشەیە لە شێواز و قەبارەدا تەنیا لاپەڕەیەك، بەڵام لەمەوداو و بواری دیکەدا هەڵگری دونیایەك لە ئەزموون و هەست و بینینی جیاواز و ناوازە، ئەزموون بەو مانایە نا کە من لێرەدا توانیبێتم گەلێك شتی گرنگ و کەم وێنە پێشکەش بکەم، بەڵکو لە شوێن و مانای دیکەدا کارکردن و نووسین و بەشداری کردنم لەگەڵ سەرجەم هاوڕێ خۆشەویستەکانم لەم گۆڤارە، لە ڕاستیدا ئەم جۆرە لە کار و نووسین جارێکی تر بنەما و هێزی گەشبینییەکانی منی پتەو و زیاتر و فراوانتر کرد، وەك ئەمانەتێکی ویژدانی و ئەخلاقی، لە دواهەمین نووسینی ئەم گۆشەیەدا من دەمەوێت ئەو ڕاستییە بڵێم زۆر شتی مرۆیی و ئەخلاقی هەیە بەهیچ جۆرێك ناکرێت باسیان نەکەم، من بەردەوام لە پرۆسەی نووسین و کاری ڕوناکبیریدا جگە لە گەیاندنی تێڕوانین و هەست و بیرکردنەوە، بەدەر لەم جۆرەشتانە کۆمەڵێك شتی جوان و مرۆڤ دۆستانە وایان لێکردووم کە ئەم جۆرە دونیایە، دونیای نووسین و ڕوناکبیری، دونیایەك کە ڕەنگە هەمووومان ئەو ڕاستییە تاڵە بزانین بەهۆی زۆرێك لە کارلێك و بەریەککەوتنی چەندین جۆر حاڵەتی نارێك و ناتەندروست ئەم دونیایە تاڕادەیەك لە مەبەستە سەرەکییەکەی خۆی لاڕێ بووە، بەڵام لە دەرەوەی ئەمانە کاتێك کە هەستم دەکرد و دەمبینی کۆمەڵێك هاوڕێ، کۆمەڵێك مرۆڤی خاوەن بیر و هەست و ویژدانی پاك و جوان، ئەم کۆمەڵە مرۆڤانە لەنێو ساحەی ژیاندا لەگەڵ مندا هاوکار و هاوخەمن ئیدی هەستکردنم بەم مەسەلەیە هەمووجارێك دەبووە مایەی دروستکردن یاخود بوژانەوەی خەون و هیوا و ئومێدەکانم، ئەو ئومێدانەی خەجاڵەتی و نالەباری ئەم نێوەندە پڕکێشەیە لەلایەك و لە لایەکی تریش هێرش و هەڕەشەی تەندروستیم گەلێکجار وەڕزییەکی گرانیان بە ئومێدەکانم دەبەخشی، لە دواهەمین جاردا منیش ئومێد دەکەم هاوڕێکانیشم وەك من لەگەڵ بیر و تێڕوانینەکانی مندا جۆرێك لە هاوغەمی و هاو ئومێدییان هەست پێکردبێت، ئەگەر نەشم توانیبێت ئەم حاڵەتە دروست بکەم ئیتر ئەمەیان ڕەنگە بۆئەوە بگەڕێتەوە مرۆڤێکی شل و گوشراو بەدەستی کارەسات و نەهامەتییەکان هەرهێندەی لەدەست بێت و زیاتری پێنەکرێت، من زۆر بەلامەوە گرنگە هەمووومان ئەوە بزانین هەست و نیازپاکی، ئیدراکی هەست کردن بە ئەمانەتەکانی ژیان دۆستی، کارکردن و هەوڵدان بۆ بنەما مرۆیی و ئەخلاقییەکان هەرگیز ناتوانن لە میانەی خوێندنەوە و نووسینەوە مەبەستی سەرەکی خۆیان بەدەست بێنن ئەگەر پێشتر خۆمان بەجدی هەوڵمان نەدابێت ئامانج و ستراتیژ و هێز و پاڵنەرەکانی نووسینمان گۆش و پەروەردە نەکردبێت بەسەرجەم بنەما سەرەکی و بنەڕەتییەکانی خۆشەویستی بۆ ژیان و هەستکردن بە حورمەت و قەدر و گەورەیی ئینسان، من بۆ خۆم لەگەڵ برا ئازیزەکانی گۆڤاری لڤین گەلێك هەستم بە چێژی جوانی و ڕاستگۆییەکانی ژیان کردووە، ئەمانە ئەو قسانەبوون ڕەنگە تاڕادەیەك بەرچاو کەوتنیان بە نسبەت زۆرێك لە ئێمەوە گرنگ یاخود بایەخدار نەبێت، بەڵام هەموو ئەو شتانەی کە من باوەڕم پێیەتی و بگرە لە پێناویدا دەژیم بە هیچ جۆرێك ناکرێت باسیان نەکەم، ئەم جۆرە شتانە، هەست کردن بە حورمەت و گەورەیی مرۆڤ، ڕێزگرتن لە پێکەوە ژیان و هاوڕێیەتی و تێکۆشان و ڕاستگۆیی هەموو ئەمانە بەردەوام سەرنج و هەوڵەکانی منیان تەنیوە، واهەست دەکەم من لەگەڵ ئەم هاوڕێیانەمدا مومارەسەی گەلێك لەم چەمکانەم کردووە، بۆیە هەست بە جۆرێك لە سەقامگیربوونی ئارامی و خۆشەویستی دەکەم، ئارامی و خۆشەویستییەك کە بەوپەڕی هیوامەوە تەمەننا دەکەم تا دواساتی ژیانم پارێزگاریان لێبکەم.